بەڕێوەبەری نوخشە ناسیح وەك پارێزگاری بەوكالەتی هەڵەبجە دیاریكرا

ئەمڕۆ چوارشەممە،ئەنجوومەنی وەزیران، بڕیاری بەڕێوەبەری نوخشە ناسیحی وەك پارێزگاری بەوكالەتی هەڵەبجە دیاری كرد .

ئەنجوومەنی وەزیران نووسراوێكی بۆ كردووە و ڕایگەیاندووە، ئاماژە بە فەرمانی سەرۆكی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، لەبەر خانەنشینبوونی پارێزگار و جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، بیاردرا بە ئاسپاردنی نوخشە ئەحمەد، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەڵەبجە بە ڕاپەراندنی ئەركەكانی پارێزگای هەڵەبجە بەوكالەت، سەرەڕای كارەكانی خۆی. ئاماژەبەوەشكراوە، ئەم فەرمانە لە یەككاتی دەرچوونی فەرمانی سەرۆكی حكوومەت، جێبەجێ دەكرێت.